## ئەرێ خەباتی چەند ساڵەی کورد بۆ ئەوە بوو کە بە ئازادی گوێ لە گۆرانی تورکی بگرین یان بۆ ڕزگاریی کورد و کوردستان بوو!؟

**ئاریان فارس/هۆڵەندا**

مرۆڤ لە دوای ڕاپەڕینەوە لە باشوری کوردستان هەست بە دیاردەیەکی بەرچاو دەکات کە ئەویش گوێگرتنە لە گۆرانی تورکی بە شێوەیەکی بەرفراوان. نا ببورن دوو دیاردەی تریش بەدی دەکرێت کە ئەوانیش شەکانەوەی ئاڵای تورک لە ئاسمانی کوردستان و هەڵواسینی پۆستەری گۆرانیبێژەکانی تورکە لە زۆربەی شوێنە سەرەکیەکانی شارەکانی کوردستان. هەندێ لە هەڵسوکەوتەکانی سەرانی کورد ڕۆڵێکی دیاری هەیە لە پەرەسەندنی ئەم دیاردانەدا. ئەوەتا سەرۆکێکی کورد دەچێتە ئەنقەرە و لەوێ دەڵێت من هێندە تورکیام خۆش دەوێت بە ڕادەیەک کە بڕیارم داوە چیدی گۆشتی قەل نەخۆم چونکە بە زمانی ئینگلیزی بە قەل دەڵێن (تورکی). ڕۆژنامەگەریی کوردیش هێندە ئازاد نیە کە بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردانە ڕەخنە لە سەرانی کورد و هەڵسوکەوتەکانیان بگرێت. بەم جۆرە دەبینین دەزگاکانی ڕاگەیاندنی پارتەکانی ئێمە هەرچی شتێک تورکی بێت و سەرچاوەکەی لە تورکیاوە بێت هەوڵی شیرینکردنی دەدەن لای جەماوەری کورد. ئەمە لە کاتێکدا کە چاپەمەنیی تورک هەمیشە خوێنەرانی خۆی لەدژی کورد و کوردستان پەروەردە دەکات و بەردەوام ڕق و کینە لەبەرامبەر گەلی کورد لە دڵی تورکەکاندا دەچێنێ. سەرانی تورک دەڵێن ئەگەر لەسەر هەسارەیەکی تریش قەوارەیەک بۆ کورد دروست بکرێت, ئەوا ئێمە دەچین تێکی دەدەین. ئەمە هەڵوێستی ئەوان و ئەوەش هەڵوێستی سەرانی کورد!

ئەمڕۆ تورکێک لە کوێ بژی لە هەلێک دەگەڕێت بۆ ئەوەی جامی ڕق و تورەیی خۆی بەسەر کوردێکدا بڕژێنێ. وەکو نمونەش باس لە ئاژاوەکەی شاری لاهای هۆڵەندا دەکەم کە ڕۆژی ٦/٢٢/ ٢٠٠٢ لە دوای دۆڕانی تیپی سەنیگال بە تیپی تورکیا ڕوویدا. ئەو ڕۆژە تورکەکان هێرشێکی دڕندانەیان کردە سەر کوردەکان کە ئەگەر بەهاناهاتنی پۆلیسەوە نەبووایە لەوانە بوو خوێنیش بڕژێت. ئەوەی جێگای سەرنجە زۆربەی هێرشکارانی لایەنی تورکی تورکمانەکانی کەرکوک بوون و زۆر کەس لەم ڕاستیە ئاگادارە. وەک دەزانین ئەم تورکمانانە ئازادانە بە کوردستاندا دێن و دەچن و کەسیش لە گوڵ کاڵتریان پێ ناڵێت. ئەگەر گەلی کورد لە باشوری کوردستان بەردەوام لە پروپاگەندەی ژەهراوی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی تورک ئاگادار بکرێتەوە و, بزانێ کە تورکێک تەنانەت لەم ئەورووپایەش کاتێک باسی کورد و کوردستانی بۆ دەکەیت بە ڕووتدا هەڵدەشاخێ و هەڕەشەت لێدەکات، ئەوا نە گوێ لە مۆسیقای تورکی دەگرێت و نەدەهێڵێ بارەگای تورانیە ئەڵقە لەگوێکانی ئەنقەرە و ئەستانە خاکی کوردستان گڵاو بکات.

www.kurdistannet.org